

# کۆمەڵە چقڵی چاوی ئەوان بوو

## *لەیادی  یادوونەکانی کۆمەڵەدا*

## ( خاڵە شەهاب .جەعفەر .. ئەنوەر )

## جەزا چنگیانی

ئەگەر پارتی ڕێز لە شەهیدانی کۆمەڵە نەگرێت من لێان تێدەگەم چونکە گرژی نێوان پارتی و کۆمەڵە گرژی نێوان بەرژەوەندی چینایەتی و خێزانی ماڵی بەرزانی و جیاوازی کولتوری دوو هزری سیاسی دژ بە یەکن ( هزری مۆدێرن و هزری خێڵەکی ) وەلی ئەگەر یەکیتی ڕێز لە یادی قوربانییەکانی کۆمەڵە و بزوتنەوەی نۆی گەلی باشور (خاڵە شەهاب و جەعفەرو ئەنوەر )نەگرێت ئەوە بنەمایەکی ناپاکی( خیانەت) و دەبەنگی هەیە کە سەرچاوەکەی جەلالی یە لای هەموان ئاشکرایە جەلال نەیدەتوانی قەوارەیەکی پتەو بە هێز بە یەکیتی بدا بیّ کۆمەك و ڕەدووکەوتنی کۆمەڵە. نامەویت باس و خواست و میژووی کۆمەڵە لێرەدا بوروژینم وەلی پێویستە ترس و بڤەی کۆمەڵە بۆسەر جەلالی ئامارژە بکرێت دروستبوونی کۆمەڵە لە کات و ساتێکدا بوو کە کورد وبزوتنەوەکەی و لۆژیکی سەردەم پیویستی بە ئەلتەرناتیفێکی هزری هەبوو دژی هزری باو ( کۆنپاریز ) بە تایبەتی دوای دروستبوونی بۆشای سیاسی ئاشبەتاڵەکە.ئەگەر ئەو ووتەیە ڕاست بیّ(مۆدیرن) جەنگی نێوان کۆن و نۆی  و دیالیکیتی سروشتی بیّ کەواتە وەکی هابرمان دەڵی(مۆدێرن بوون دژی ئیمڕۆبوونە)دروست بوونی کۆمەڵەش دژی هزری ئەو ڕۆژە بوو کەتێدا گەشەیکرد بۆیەچقڵ بوو لەچاوی ئەوکەسانەی گەرەکیان بوو سیستەمی کۆمەلآیەتی و هزری کۆمەڵگای کوردەواری لە سەر سیستەمە کۆنپارێز و دیکتاتۆرە تاکرەوە ڕۆژهەلآتیە ترادسیونیەکان بهێڵنەوە بێگۆمان بە گەشەکردنی کۆمەڵەو دەسەلآت

وەرگرتنی سیاسی سەرگۆزەرێکی هوشیار وهزر مۆیرنی کوردی کۆشکی بەرژەوەندی کۆنپاریزان و دیکتاتورە گەوجەکانی کورد دەرمێت بۆیە دەبێ لایەنی دژی کۆمەڵە خۆی تەیاری دژایەتیکردنی بکات.جگە لە پارچە ڕزیوو و بۆگەنەکانی لەشی سیاسی کوردی(جەلالی ومەلای)داگیرکەرانی کوردستان و ووڵاتە زلهێزەکانی خاوەن بەرژەوەندی لەکوردستان و عیراق و ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا دژی کۆمەڵە بوون , بۆیە کۆمەڵە لە چەند بەرەوە هێرش و دوژمنایەتی لە تەکدا دەکرا لێدانی کۆمەڵە لەلایەن دوو دژە دەرەکێکەوە (کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان وزلهێزەکان) زۆر ئاسان نەبوو وەلی دوو دژە هاو زمان و هاو خاك و هاوبەرگ ودژە ئایدۆلۆژی (جەلالی و مەلای) ئاسان و کاریگەرتر ودڕنانەتر بوو.سروشتیە کە دوژمنی دەرەکی کەڵك لە دوژمنی ناوەکی(جەلالی و مەلای) بۆ لێدانی کۆمەڵە وەربگرێت لە ڕاستیدا کۆڵەکە پتەوەکانی کۆمەڵە ئەو سەرکردە بەهێزانەبوون کە کۆمەڵەیان هانیە بوون.دوای گرتنی بەڕیزان شیخ شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر.کاك ئارام بەتاقانەی مایەوە بوو بە چقڵی چاوی ویستە دیکتاتۆریەکانی جەلال تا کاك ئارام مابوو زەمینەی قۆرخکردنی کۆمەڵە بۆ جەلال ئاسان نەبوو.هەرکاك ئارام هەستی بە دیکتاتۆریتی جەلال کرد هەستی بە هەرەسی کۆمەڵە و لە دەستانی کەسایەتی سیاسی و ئایدۆلۆژێکەی کرد. سەری خۆی هەڵگرت و لە کوێرە دێیەکی قەراغدا کوژار سەردەمی کوشتنەکەی دەکرێ بخرێتە ژێر پرسیارێکی ووروژاندنەوە ئایا زانینی شوێنی نهێنی کاك ئارام لە ناوچەی قەرەداغ لە لایەن سیخورەکانی ڕژێمەوە بوو یان سیخورەکانی ڕژیم لە سەرکردایەتی بزوتنەوە نۆیکەدا؟؟؟ کاك ئارام ئەوەی ناسیبێتی دەزانێ کەسێکی زۆر سادەوبێ فیز بوو کەم کەس دەیزانی سکرتێری ڕێکخراویك بێت.بۆیە زۆر دورە سیخورێکی سادە کاك ئارامی ناسی بێت هەواڵی بە ڕژێم گەیاندبێ.جەلال هەروەکی خۆی لە زۆر بووندا ئاماژەی پێکردوە هەمیشە پەیوەندی دۆستانە و سیاسی نهێنی لە تەك بەعسدا هەبووە زۆر نزیکە هەواڵدەری گەیشتنی کاك ئارام بۆ ئەو کوێرە دییە خودی(جەلال) بووبێت گەر سەرنج بدەینە پرۆسێسی کوشتنەکەی کاك ئارام تەنیا هەر ئەوەندە بوو هێزێکی گەورەی جاش هێرش بکەنە سەر کاك ئارام و بیکوژن و بگەڕێنەوە بۆ مۆڵگاکانیان.( سۆزی جەلال بۆ بەرزان تکریتی وکردنی وفیق سامەڕای بە ڕاویژکاری ئاسایشی نەتەوەی)کەئەم دووانە لەسەردەمانی خەباتی شاخ ونهێنیدا سەرۆکی دەزگای سیخورخانە خۆیناویەکەی بەعس بوون .هاوڕی دێرینی جەلال لن .کوشتنی کاك ئارام

بۆجەلال دەستکەوتێکی مەزن بوو چونکە ئەندامانی تری سەرکردایەتی کۆمەڵە چ بە تەمەن چ بە پراکتێك زۆر هەرزە بوون بۆیە هەر دوای کوشتنی کاك ئارام جەلال قۆرخی کۆمەڵەی کردبوو بەو دیکتاتۆرەی کەئیستا زۆر بێشەرمانە ئەوەی گەرەکی بێ دەیکات بێ گۆیدانە قوربانیەکانی کۆمەڵە.لەساڵیادی(شیخ شەهاب و جەعفەر و ئەنوەر) شاری سلیمانی سەرگەرمی گێرانی فیستیڤاڵی گەلاویژن وبەچەندەها ڕۆشنبیری نا ڕۆشنیان ڕژاندۆتە شارەوە یادی (شیخ شەهاب وجەعفەرو ئەنوەر) دەخرێتە خانەی بیرچونەوەوە ئیستا هەرچی لە سلیمانی بکرێت(وەکی کاك نوشیرەوان دەڵی) جێپەنجەیەکی جەلالی پێوەیە.ڤیستڤاڵی گەلاویژ چەند ئەوەندە ڤیستفاڵێکی ڕۆشنبیری بێت زۆر ئەوەندە بەرز ڕاگرتنی بەڕێز برایم ئەحمەدی خەزووری جەلالە.ئەگەر شارهوشیار بوونایە گەرەکیان بێت ئاوڕ لە گۆڤارورۆژنامەی سەردەمی ڕەش بدەنەوە دەبوایە دوای خەباتی کوڕانی بەدرخانیەکان ئاوڕیان لە ڕۆژنامەی (بانگی حەق) شیخی نەمر بدایاتەوە.بەرزڕاگرتنی یادی هونەرمەندی عەرەبی مەقام خۆین(قەبانجی) لە سلیمانی بە سەرپەرشتی سەرۆکی عیراقی جەلال و پشتگۆیخستنی یادی قارەمانەکانی کۆمەڵە هەر لە سلیمانی نیشانەی دوژمنایەتێکی ئایدۆلۆژی نێوان کۆمەڵە و جەلالییە.جەلال دوای سڕینەوەی ئایدۆلۆژی کۆمەڵەی باشوروکردنی کادیرەکانی بە دەرویشی خۆی لە کاتی سەرهەڵدانی کۆمەڵەی ڕۆژهەلاتی کوردستانیشدا ڕۆڵی گرنگی لە شەڕی نێوان پارتەکەی قاسملۆ و کۆمەڵەی ئەوبەشەی کوردستان بینی.ئیستاکادیرەپاشماوەکانی کۆمەڵەی هەردوو بەشی (ڕۆژهەلات و باشوری کوردستان )کاك نەوشیروان مەلا بەختیار و عبداللەی وصلاحی مهتدی ئەوانی تریش. ڕۆڵی دەنکە دەستبیحەکەی دەستی جەلال دەبینن , لە ئاستی بەرژەوەندی خودا وا چەماونەتەوە وەکی کەسانی(عەوام)بیردەکەنەوە دەبێ وابنوسرێت ئەگینا ئەگەر ئەوان یەك ووشە لە ژیان.یەك زەڕە لە ویژدان.یەك تنۆك لە موڕاڵیان زیندوبمایە دەبوایە لە دکتاتوریتی جەلال بێدەنگ نەبوونایە بۆیەئەگەر میژووی قاسملۆ و جەلال لە جاشایەتی و ناپاکی نەتەوەی پاکبکەینەوە تەنیا چوار ووشە دەمێنێتەوە (عبدالرحمان...قاسملۆ....تاڵەبانی..جەلال)

سان پیترسبۆرگ 26/11/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de